www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8:37 8-10-2006

# وانەیەک بۆ کەمالی سەید قادر ... نەجات حەمید ئەحمەد

لەچەندین سایتی دژ بە کورد و کوردستانی کوردی و بیانی و بەچەند زمانێك بەتایبەتی ئینگلیزی، کەمال سەید قادر کەپێش چەند مانگێك لەمەوبەر لەبەندیخانە ئازادکرا پاش ئەوەی دانی بەهەڵەی خۆی دانا و لە نامەیەکدا کە لەسایتە کوردیەکان بڵاوکرایەوە پەشیمانی خۆی دەربڕی لەوەی کە ئەو بووە قوربانیی یاریەکی موخابەراتی، پاش ئەمانە لەو سایتە گومان لێکراوانە نووسەر نووسینێکی بەسێ بەش بڵاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (نهێنیەکانی مەلا مستەفا بارزانی لەبەڵگەنامەکانی دەزگای جاسووسی "کەی. جی. بی")، لەراستیدا ئەوەی وای لێم کرد وەڵامی ئەم نووسینە بدەمەوە چەند هۆیەکە لەوانە من وەکو کوردێك و پاشان وەکو نووسەرێك خۆم بە بەرپرسیار دەزانم بەرامبەر بەچەواشەکردن و سووکایەتی کردن بە مێژووی خەباتی رزگاری خوازمانەوە، هەروەها دەرهەق بەوانەی کە لەتەمەنی سێساڵیەوە تاکو دوا هەناسەی مردن و ماڵ ئاوایی کردن لەنائومێدیدا کەهەموو ژیانیان بەمنی کورد بەخشی و هەروەها دەرهەق بەو شەهید و خۆبەختکەرانەی کەهەموو هیوایەکیان ئەوەبوو کە رۆژێکی وەکو ئەمڕۆ ببینن و سەریان بۆ ئێمە نایەوە و نەیان بینی، من خۆم بە بەرپرسیار دەزانم چونکە لە رژانی خوێن و ئازاری دەربەردەری و شەهیدبوونی ئەواندا خۆم بەقەرزبار دەزانم، لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم نووسینە دوورە لەزمانی نازانستی و هەوڵ دەدات بە بەڵگەوە راستیەکان وەکو خۆیان بۆ خوێنەر روون کاتەوە بەتایبەتی بۆ نەوەی وێ تاکو ئەو راستیە بزانن کە ئێمەی کورد چۆن تاکو ئەمڕۆکە لەناو نەچووین و بەم رۆژە پڕ هیوایەش گەیشتین، کە رۆژێکە بۆ سەدان ساڵ کورد هیوای بۆ دەخواست و خەوی پێوە دەبینی، جیاوازبوونیش لەتێڕوانین تاوان نییە، بەڵام دان نەنانی بە ئەنقەست و چەواشەکردنی بەئەنقەست شوێنی گومانە و لەهەمان کاتیش تاوانە بەرامبەر بەو مێژووەی هەموومان بەیەکەوە دەبەستێتەوە و مانایەك بەبیرکردنەوە و شانازیەك بە بوونمان دەبەخشێ، نووسەر هەر لەبەشی یەکەمەوە بەوەدەست پێدەکات کە ( (بارزانی پێشەواو سەرکردەمان، سەر بە دەزگای موخابەراتی "کەی. جی. بی" بووە و شۆڕشی ئەیلوولیش یەکێك بووە لە ئۆپەراسیۆنە نهێنیەکانی "کەی. جی. بی" پاش ئەمانەش ئەم زانیاریانە دەگەڕێنێتەوە بۆ یادەوەریەکانی (سوود پولاتۆڤ) کە ئەفسەرێکی گەورەی "کەی. جی. بی" بووە و گوایە (ئەو سەرپەرشتی بارزانی کورد پەرستی کردووە و لەئەکادیمیای سەربازیش مەشقی لەگەڵ بارزانی نەمردا کردووە) و ئەمەش کۆڵەکە و بناغەی هەموو بۆچوون و هەڵوێستەکانی نووسەرە لەبەشکانی دیکەدا، بێگومان ئەم زانیاریانە بۆ یەکەمجار لەلایەن نووسەری بە بنەچە رووس کە لە ئەمریکادا ژیاوە (ڤلادیسلاڤ زوبۆك) ەوە ئاشکرا کراوە و ئاماژەی پێداوە بەپشت بەستن بەم زانیاریانە کە گوایە (سوود پولاتۆڤ) لەساڵی 1953 دا لە ئەکادیمیای سەربازی لەمۆسکۆ مەشقی لەگەڵ بارزانی نەمردا کردووە (1) .

بۆ گفت و گۆکردن لەسەر بابەتێکی لەم جۆرە پێش هەموو شتێك پێویستیمان بەوەیە لەسەرچاوەی بێ لایەن و باوەڕپێکراوەوە (1) بەژیانی (سوپولاتۆڤ) بچینەوە (سود پولاتۆڤ) لە کوێدا ئەو قسەیەی کردووە و چەندێك راستگۆ بووە لە قسەکانیدا و کەی و بۆ چ هۆیەك چاوی بە بارزانی نەمر کەوتووە.

(سود پلاتۆڤ) لەشاری (مێلێتۆپۆلی) لە ساڵی 1907 لەخێزانێکی هەژار لەدایکبووە، پاش مردنی باوکی لەساڵی 1919 و لەتەمەنی دوازدە ساڵیدا خێزانەکەی لەنێو هەژاری و نەداریدا جێ دێڵێ و بەشداری لەشەڕی ناوخۆی رووسیادا دەکات. بەهۆی ئەوەوە کە لەبواری ئامارژەی سەربازیدا کاری کردووە، دەکەوێتە کارکردن لەبواری کاری جاسووسیەوە و لەساڵی 1927 دەچێتە ریزی (بەشی نهێنیی سیاسی) ئۆکراینەوە (OGRU) . لە ساڵی 1933 دەچێتە مۆسکۆ و پاشان لەچەندین دەوڵەتی ئەوروپیدا لەژێر چاودێری کردندا کاردەکات، لەمانگی 5ی 1938 دا بەسەرپەرشتی خودی ستالین و بەدەستی خۆی

سەرکردەی نەتەوەیی ئۆکرانی (یاڤیهین کۆنۆ ڤالیتس) دەکوژێ و پاش ئەوەی دەبێتە بەڕێوەبەری بەشی دەرەوە (NKVD) کە هەمان پۆیسی نهێنی سیاسی (OGRU) بووە، پاش ئەوە بەهۆی کێشەی (نیکۆلای یەزهۆڤ) ەوە رادەکا و تاوانبار دەکرێ و لەساڵی 1939 ستالین لێی خۆش دەبێ و دەیکاتە جێگری نووسینگەی دەرەوە و (ستالین) تیرۆرکردنی (ترۆتسکی) پێ دەسپێرێ و لەمانگی 8ی 1940 ئەم کارە ئەنجام دەدات، (سود پولاتۆڤ) لەساڵی 1941 گەورەترین کاری پێ دەسپێردرێ کەئەویش لێپرسراوێتی دەزگای (NKVD) یە، هەروەها لێپرسراوێتی یەکەی کاری تایبەت (Special Tasks) کە گرنگترین کاری ئەو یەکەیە رفاندن و تیرۆرکردنی رکابەر و دوژمنانی رووسیا بوو لەکاتی جەنگدا، بەتایبەتی لەجەنگی جیهانی دووەم، لەساڵی 1944 بێریایی (جێگرەوەی ستالین) سود پۆلاتۆڤ دەکاتە سەرۆکی نووسینگەی نوێی (S) کە هەردوو دەزگای (NKVD و GRU) یی لەخۆ دەگرێ، کە کاری کۆکردنەوەی زانیاری بووە لەسەر بۆمبی ئەتۆمی و تیرۆرکردنی رکابەرانی لەدەرەوە. لەساڵی 1946 لەهەردوو پۆست لادەبرێ و لێپرسراوێتی گروپێکی نوێی پێ دەسپێدرێ بەناوی (MGB) کە بەکاری رفاندن هەڵەستا لەنێو ڕیزەکانی سیاسیەکانی ئەوروپا، لە ئەیلولی 1949 کارێکی کاتی پێ دەسپێردرێت کە ئەویش سەرکوت کردنی جەنگاوەرانی بزووتنەوەی ئۆکراینەیە، لەبەهاری ساڵی 1953 لەسەروبەندی مردنی (ستالین) نووسینگەی دووبارە دروست کرایەوە (MVD) ی () پێ دەبەخشرێت کە کاری دروستکردنی تۆڕی موخابەراتی و هێرش کردنە سەر دام و دەزگاکانی (ناتۆ) بوو پاش تیرۆکردنی (بێریا) لەهەمان ساڵ واتە 1953 ئەو پۆستە گەورەیەی کە لەلایەن (بێریا) ەوە وەرگرتبوو لێی دەسەنرێتەوە و (5) ساڵ دەخرێتە زیندانەوە، هەر بەهۆی مەسەلەی تیرۆرکردنی (بێریا) وە (5) ساڵەکەی بۆ دەکرێتە (15) ساڵ و لەزیندانێکدا کە هەموو زیندانیەکان تاوانباری بکوژی ستالین بوون حوکمەکەی واتە پازدە ساڵەکەی تەواو دەکات و لەمانگی 8ی ساڵی 1968 ئازاد دەکرێ و لەساڵی 1992 لەسەردەمی (گلاسنۆتی) سۆڤێتیدا لێی خۆش دەبن. (2)

ئەگەر لەم ژیانە زۆر کورتەی (سود پۆلاتۆڤ) وورد بینەوە و لەگەڵ قسەکەی نووسەردا بەراوردی بکەین چیمان بۆ روون دەبێتەوە؟

نووسەر لەزمانی (سود پۆلاتۆڤ) ەوە بە چەواشەکاری و هەڵەی روون و ئاشکرا هەڵساوە، کەئەویش ئەوەیە گوایە بارزانی نەمر لەساڵی 1953 مەشقی سەربازی لەگەڵ (سود پۆلاتۆڤ) دا کردووە، ئاخۆ (سود پۆلاتۆڤێك) کەهەر دوای مانگی ئاداری واتە لەسەرەتای ساڵی (1953) وە زیندانی کرابێ و هەموو پلە و پایەکانی لێ سەندرابێتەوە و لەگەڵ تۆمەتبارانی کوشتنی (ستالین) زیندان کرابێ چۆن چۆتە مەشقی سەربازیەوە کە ئەو لەبەرزترین پلە و پایەکانی رووسیا بووبێت؟ (3) .

هەروەك سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە پاش مردنی یا کوشتنی (ستالین) (بێریا) پاش چوار رۆژ دەبێتە سەرەك وەزیرانی رووسیا و تاکو 1953/6/26 حوکمڕانی دەکات و لەو مێژووەدا دەکوژرێ و چۆن (سود پۆلاتۆڤ) چۆتە بەر مەشی سەربازیەوە کاتێك (بێریا) گەورەترین پۆستی پێ دەبەخشێ و هەر لەپێش ئەو مێژووەدا لە ئۆکراینا بەکاری تیرۆرکردنەوە خەریك بووە؟!. (4) .

2- لەهەموو سەرچاوە جیهانیەکاندا هاتووە کە بارزانی نەمر زانستە سیاسیەکانی خوێندووە (5) نەك بە مەشقی سەربازی هەڵساوە، ئاخر دەچێتە خەیاڵ و خەونی کێوە سەرکردەی شۆڕشێك کە سوپای سێ دەوڵەت نەیان توانی دەستگیری کەن، تازە بەتازە مەشقی سەربازی بکات؟! یاخود یەکێکی وەکو (سود پولاتۆڤ) ی لێپرسراو، بەڕێوەبەری گەورەترین بەشەکانی موخابەراتی سۆڤێتی مەشقی سەربازی بکات؟!

3- کەواتە دەبێ بەدوو ئەوەدا بچین بۆچی (سود پۆلاتۆڤ) ئەو قسەیەی کردووە و لەکوێ و لەچ تەمەنێك یادەوەریەکانی خۆی نووسیوەتەوە؟

بەپێی سایتی ئەنسکلۆپیدیای جیهانی (یوکیپیدیا) کتێبی (Special Tasks) کە لەساڵی 1994 بەچاپ گەیشتووە و زۆری ئەو هەڵانەی لەو کتێبەدا هەیە و ئەو مشت و مەڕ و داوایانەی کە لەدوای چاپکردنی کتێبەکە هاتنە کایەوە و داوای سووتاندنی کتێبەکەیان دەکرد، ئەم گومانانەش چەند هۆیەکیان لەپشتەوە بوو:

1. یادەوەریەکانی (سود پۆلاتۆف) کە لەکتێبی ناوبراودا بڵاوکراوەتوە پاش 40 ساڵ لەدوای ڕووداوەکاندا نووسراونەتەوە.
2. ئەم یادەوەریانەی (سود پۆلاتۆف) خۆی نەی نووسیوەتەوە بەڵکو بەهاوکاری کوڕەکەی (ئەناتۆلی) و دوو رۆژنامەنووسی ئەمریکی لەزاری ئەمەوە و بەشێوەیەکی زارەکی ئەو زانیاریانە نووسراونەتەوە لەشێوەی چەند چاوپێکەوتنێکی زارەکیدا، لەپاشاندا یەکێك لەو دوو رۆژنامەنووسە کە ناوی (شێکتەر) ە خۆی بەدەسکاریەوە کاری لەسەر ئەو چاوپێکەوتنانە کردووە، هەر بەپێی ئەو سایتەی ئەنتەرنێتەوە کە فراوانترین سایتی ئەنسکلۆپیدیای جیهانە، ئەو یادەوەریانە هەڵەی زۆریان تێدایە لەڕووداو و ناوی کەسەکان و شوێنەکاندا بۆ ئەمەش تکایە بڕوانە سایتی (www. fas. org) (www. hnn. us/aticles) جگە لەمەش لەتۆمارکرنیشدا هەڵەی زۆرکراوە و لەزۆر جیگا لەپرسیاری هەردوو رۆژنامەنووسدا (سود پۆلاتۆف) گوتویەتی (وابزانم - وایە) .
3. (سود پۆلاتۆف) وەکو مرۆڤێکی ئایدۆلۆژیست بەئەنقەست هەندێك هەڵەی کردووە، چونکە تاکو مردنیشی ئەو ئامانجەی خۆی پاراستووە کە گرفت بۆ رۆژئاوا بنێتەوە.
4. (سود پۆلاتۆف) کە یادەوەریەکانی تۆمارکراوە لەلایەن کوڕەکەی و هەردوو رۆژنامەنووس (جیرۆید و لیۆن شێکتەر) ەوە تەمەنی حەفتا ساڵی تێپەڕکردووە و لەو تەمەندا هەڵەکردن لەناو و زانیاری و شوێن و ساڵەکان شتێکی ئاساییە.
5. بەلایەنی دزینی زانیاری ئەتۆمی لەزانا ئەمریکی و بەریتانیەکان کەچەندین ناوی هێناوە گوایە ئەوان سەر بە (KGB) بوونە لەوانە: (نیلسن بۆر و رۆبەرت ئۆپەنهایمەر) و کەسانی تر تاکو ئەمرۆ حکومەتی ئەمریکا بۆی روون نەبۆتەوە کە بۆچی ناوی ئەو زانایانە هێنراون و نەگەیشتۆتە باوەڕکردن بەم زانیاریانە، لەوانەشە ئەو بەیاننامە ناڕەزاییەی زانایانی ئەمریکی و دۆست و نزیکانی ئەو زانایە کە (سود پۆلاتۆف) بەدرۆ دەخەنەوە و داوا لە حکومەتی ئەمریکی دەکەن هەڵوێست لەم تاوانە وەرگرێ، چاکترین بەڵگەیە بۆ مەبەستە بە ئەنقەستەکانی (سود پۆلاتۆف) .

ئیتر نازانم نووسەرێك لە قسە و ژیان و بەسەرهاتی مرۆڤێك نەکۆڵێتەوە و کوێرانە (ڕشهد) و بۆ هەموو قسەکانی بکات و جوامێری ئەوەی تێدا نەبێت داکۆکی لەنەتەوە و مێژووی خۆی بکات، دەبێ چاوەڕوانی چی لەنووسەرێکی وا بکەین؟!.

کەواتە (سود پۆلاتۆف) کەی و بۆچ مەبەستێك بارزانی نەمری بینیوە یاخود هەر لەبناغەوە نەیبینیوە، ئەوەی شوێنی سەرسوڕمانە نووسەر بەهیچ شێوەیەك ئاماژەی بۆ ئەوە نەکردووە کە ساڵی 1947 دەوری (سود پۆلاتۆف) چی بووە لەو ساڵەی کە بارزانی نەمر و هەڤاڵەکانی دەچنە ناو خاکی سۆڤییێتەوە، چونکە لەو باوەڕەدام یاخود یادەوەریەکانی بەتەواوەتی نەخوێندۆتەوە یاخود ڕاستیەکانی بە ئەنقەست لەخوێنەر شاردۆتەوە کە من گومانم لەمەیاندا نییە، چونکە ئەو بۆ مەرامێکی خراپ ئەو نووسینەی نووسیوەتەوە و پێش وەختە بڕیاری داوە بەو شێوەیە بنووسێ، خوێنەری بەڕێز لەلاپەڕە (294) ی یادەوەریەکانی (سود پۆلاتۆف) هاتووە کە دەڵی (لەبیرمە کاتێ: خرۆشێف) پاشان شکرتێری حزبی کۆمۆنیستی ئۆکراینا تەلەفۆنیان بۆ (عوسمان ئوسوپۆف) ی سکرتێری حزبی شیوعی ئۆزبەکستات

كردووه لەساڵی 1947، كە گلەیی ئەوەی كردووە جوولەكە لە ئۆزبەكستانەوە بەرەو ئۆكراینا بەلێشاو كۆچ دەكەن، هەروەها لەتەشقەند و سەمەرقەندیشەوە، هەروەها گوتوویەتی كە من شوێنی حەوانەوەی ئەوانم نییە، چونكە شارەكە وێران بووە و ئەم كۆچە (بەكۆمەڵە) راگرە، هەروەها دەڵێ ( (لەنووسینگەی ئۆسۆپۆڤدا لەو كاتەدا ئەویش چیرۆكەكەی بۆم گێڕایەوە چونكە من بۆلای ئەو هاتبووم كە داوای ئەوەی لێ بكەم سێ هەزار كورد كە لەلایەن بارزانییەوە سەركردایەتی دەكران شوێنیان بكەمەوە كە لە ئێرانەوە هاتوونەتە ئازەربایجان، نیشتەجێ كردنیشیان لە قۆقاس مەترسیدارە، ئێمەش دەمانویست لە ئۆزبەكستان شوێنیان بۆ بكەینەوە، نیشتەجێكردنی ئەو كوردانەش ئاسان بوو بۆیە ئۆسۆپۆڤ فەرمانیدا كە كێڵگەیەكی بەكۆمەڵی نیشتەجێكردنی تازەی تایبەت بە كورد بنیات بنرێت، چونكە لەنیشتەجێكردنی جوولەكەكان ئاسانتر بوو كە دەبوایە خانوویان بۆ دابین بكرێ) ) نووسەر لەزۆر لایەنی ئەم بابەتەوە راستی لێمان شاردۆتەوە، چونكە ئەو بڕیاری داوە هەرچی رستەیەك لەبەرژەوەندی بۆچوونەكەیدا نەبێ لای بەرێ كە ئەمەش ئەمانەتی زانستیانە نییە.

1. (سود پۆلاتۆڤ) بارزانی نەمری بە مەترسیەك داناوە لەناوچەی قەفقاس، نەوەكو كاریگەری بكاتە سەر كوردەكانی سۆڤیەت و ئەوانیش داوای مافەكانی خۆیان بكەن، ئەگەر بارزانی نەمر پەیوەندیەكی قووڵی لەگەڵ سۆڤیەت و دام و دەزگاكانیدا هەبوایە نەدەبووە جێی مەترسی دەزگای (KGB) و چوونی بارزانیش بۆ سۆڤیەت لەهەمو دەلالەتەكانیدا ئەوە دەگەیێنێ كە بارزانی نەمر لەو كاتەی جەنگی جیهانی و شەڕی ساردا گۆڕانكاری لە سیاسەت و هەڵوێستی سیاسیدا ئاساییە و مانەوەی ئەو بەخۆی و ژمارەیەك لە جەنگاوەر و پێشمەرگەوە مانای مانەوەی شۆڕش و بەردەوامبوون دەگەیێنێ.
2. نیشتەجێ كردنی بارزانی نەمر و هەڤاڵەكانی لەكێڵگەیەكی تازە و ئابلۆقەدراو لە دەرەوەی شار، مانای دەستبەسەركردن و نیشەجێكردنی بەزۆر و سنووردراكردنی ئازادی و هاتووچۆ و گەڕانە، ئەم راستیەش كە ئەو خۆی و هەڤاڵەكانی زیندانی و دەستبەسەركراون لەزۆر لەسەرچاوە مێژوویەكاندا ئاماژەیان بۆ كراوە، هەروەكو دەڵێن پاش چەك كردنیان لە (كێڵگەیەكی زیندانی كردن) دا نیشتەجێ كراون (8) .
3. سەرچاوە بێ لایەنەكان ئاماژە بەوە دەدەن كە ستالین هەڵوێستێكی توندی بەرمبەر بە بارزانی نەمر هەبووە، كەئەمەش یەكێكە لە نهێنیەكانی ژیانی ئەو هەرچەندە لەچەند سەرچاوەیەكدا ئاماژە بۆ ئەم قینەی ستالین كراوە، بۆ نموونە لەگفت و گۆیەكی نێوان (ئیمیل بودناراس) جێگری سەرۆكی رۆمانی و (هاری ج بارنس) باڵوێزی ئەمریكا لە رۆمانیا لە 1974/5/24 دا كە بۆ دناراس دەڵێ: ( (چەكی سۆڤێتی بۆ چەوساندنەوە و سەركوت كردنی كورد بەكاردێ، كە سەركردەكەیان بارزانی، رۆمانیا یارمەتی داوە (بۆناراس گوتی كە خودی خۆی دەستی لەم مەسەلەیەدا هەبووە) لە گەڕانەوەی بۆ عێراق لەكۆتایی پەنجاكان، پاش ئەوەی ناچاركراوە لەگەڵ براكانیدا وەك جوتیارێكی ساكاری دەستەجەمعی كاربكات، چونكە سۆڤیەت قینی لەهەڵوێستی سەربەخۆیی ئەو بۆتەوە) ) (9) . بێگومان ئەم قسانەی جێگری سەرۆكی رۆمانیا لەو سەردەمەی حەفتاكاندا كراوە كە رۆمانیا هێدی هێدی لەبازنەی سیاسەتی سۆڤێتی دەرچۆتە دەرەوە و لەم بەڵگەنامە گرنگەدا (بودناراس) سەرۆكی سۆڤیەت بە (قەیسەرێكی نوێ) لەقەڵەم دەدات، ئەم بەڵگەیە بەسە بۆ ئەوەی هەموو قسەكانی نووسەر و (سود پۆلاتۆڤ) پووچەڵ بكاتەوە، هەروەكو چۆن بەڵگەیەكیشە بۆ ئەوەی كە بارزانی نەمر نەكەوتۆتە ژێر باری سیاسەتی سۆڤیەتیشەوە نەك دام و دەزگاكانی.

بەپێی سەرچاوەکانیش بارزانی نەمر پاش ساڵی 1951 چۆتە مۆسکۆ بۆ خوێندنی زانستە سیاسیەکان، ئەمەش پەیوەندیی بەکاریگەری (بێریا) وە هەبووە کە سیاسەتێکی نەرم و نیان و لێبوردەیی هەبووە بەرامبەر بەو کەسانەی لەسۆڤیەت ژیاون و سۆڤیەتی نەبوونە و هەروەها سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ دەکەن کە پاش کوشتنی (ستالین) (بێریا) بەتەواوی ئەو سیاسەتەی لە سۆڤیەتدا بەکارهێناوە، ئەمەش روونی دەکاتەوە کە بارزانی نەمر چ کەسایەتیەکی بەهێز و سەربەخۆی هەبووە، هەروەکو چۆن لەکتێبی (کورد گەلیلەخشتەبراویغەدرلێکراو) رۆژنامەنووس (دیتریشی گینشەر) دەنووسێ لەسەروبەندی روخانی کۆماری مەهاباد دا پێدەچێ (هاشموف) کونسولی سۆڤیەت لەرەزاییە بەڵێنی بە بارزانی نەمر دابوو کە هەرکاتێ بیەوێ خۆی و هەڤاڵەکانی بچنە سۆڤیەت ئەوا لەوێ پێشوازی دەکرێت و پەنا دەدرێت (10) .

لەم بەڵگانەوە چەند راستیەکمان بۆ روون دەبێتەوە کە تەواو پێچەوانەی بۆچوونەکانی نووسەرن کە دەڵێ ( (هەرپاش گەیشتنیان بۆ سۆڤیەت گرنگیەکی زۆر بە بارزانی و هاوەڵەکانی دەدرێت لەلایەن سەرکردایەتی سۆڤیەت و دەزگا جاسووسیەکانی ئەم وولاتەوە) ) (11) .

ئافەرین نووسەری کورد!! ئا ئەمەیە بایەخدان و گرنگی؟! حکومەتی سۆڤێتی زەندەقی لەبارزانی چووە کە نەوەك کوردەکانی قەفقاس دژی سۆڤیەت هان بدا و بەچاوی گومان و دوو دڵیەوە سەیری کراوە و بۆماوەی زیاتر لە (5 ساڵ لە کێڵگەیەکی جوتیاراندا زیندانی و دەست بەسەرکراوە و لەژیانی نەبوونی و کەم خۆراکی دوای جەنگ ژیاوە و تەنانەت بایەخ و گرنگی ئەو بەقەد ئەو جوولەکانەش نەبووە کە (ستالین گەورەترین سیاسەتی لەناوبردنی دەرهەقیان کردووە (4) .

هەموو ئەو پاشکۆیانەی (KGB) کە نووسەر وەکو بەڵگەنامە هێناویانیەتەوە، بەدوور و نزیکەوە پەیوەندیان بە شۆرشی کوردەوە نییە لە کوردستانی عێراق، هەموویان ئاماژە بە باکووری ئێران دەدەن، کە ئەوانیش سەربەخۆیی رابگەیێنن و بچنە پاڵ ئازەربایجانی رووسی و بەمەش ئاشکرایە کە ئامانجی سەرەکی سۆڤیەت لەپاڵپشتی و پشتگیری کردنی کوردستانی ئێران و تورکەکانی تەبریز هەر بۆ ئەوە بووە کە ئەو زەوی و زارانە بداتە پاڵ خاکی سۆڤیەتەوە، بەڵام لەزۆر بەڵگەنامەی دیکەی ئەرشیفی سۆڤێتیدا لەپەراوێزی ناوچەکانی باکووری ئێران و خوارووی ئازەربایجاندا باس لە هاندانی کورد لە کوردستانی ئێران دەکەن کە کار لە ئۆتۆنۆمیدا بکەن نەك سەربەخۆیی تەواو چونکە سۆڤیەت نیازی ئەوەی هەبووە باکووری ئێران بداتە پاڵ زەوی و زارەکانی خۆیەوە، ئۆتۆنۆمیش مانای مانەوەیە لەژێر دەسەڵاتی ئازەربایجان بەشێوەیەکی سیاسی. (12) .

نووسەر لەم بۆچوونانەی بەڵگەنامەکانی سۆڤێتەوە دەنووسێ ( (شۆرشی ئەیلوول یەکەمجار لەلایەن سەرۆکی دەزگای جاسووسی "کەی. جی. بی" ئەو کاتە (شیلپین) ەوە بۆ خرۆشۆڤ پێشنیارکراوە و ئەویش رەزامەندی لەسەر داوە) ) .

شوێنی سەرسورمانە کەنووسەر بەچەند دێرێك رووداوەکانی نێوان ساڵانی 1953 تاکو 1961 پێناس دەکات و زۆر راستی لەخوێنەر دەشارێتەوە کە پەیوەندیی بەبارودۆخی سیاسی سۆڤیەت و عێراق و ناوچەکە پەیوەست بە مەسەلەی کورد و شۆرشی ئەیلوولەوە کە زۆر راستیان تێدایە هەموو بۆچوونەکانی پووچەڵ دەکەنەوە.

بەپێی نووسینێکی نووسەری بەئەسڵ رووس " ڤلادیسلاڤ م. زوبۆك" کە ئەو سەرچاوەیەیە کە نووسەر سوودی لێ وەرگرتووە و وەکو بەڵگە هێناویەتی بۆ پاڵپشتی کردنی ئەم بۆچوونەی بەپێی زوبۆك لە 1961/7/29 سەرۆکی (KGB) (شێلپین) یاداشتنامەیەك بۆ خرۆشۆڤ دەنووسێ و پێشنیار دەکات (بارودۆخێکی ناسەقامگیر لەسەرتاپای جیهان و لەهەموو ئەو ناوچانەدا بنێتەوە کە هاوپەیمانی ئەمریکا و رۆژئاوان بەتایبەتی لەناوچە و وولاتانی وەکو نیکاراگوا بەهاوکاری کاسترۆ و بەرەی

ساندینۆ، خوڵقاندنی ڕاپەڕین لە ئال سلڤادۆر باخی بوون لەگواتیمالا لە ئەفریقیا بەتایبەتی لە کینیا و ڕۆدیسیا و کینیای پورتوگالی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و چەندین شوێنی دیکە لەجیهاندا ئامانجیش لەم جم و جۆڵانە کەم کردنەوەی گوشاری ئەمریکا و ڕۆژئاوابوو لەسەر بەرلین بەوەی، سەرنج و تواناکانی ئەمریکا بەرەو ئەو ناوچە جیاوازانە بەرێت چونکە ئەڵمانیا زۆر زۆر گرنگ بووە بەلایەنی سۆڤیەتەوە کە بە لەدەستدانی بەپێی پێشنیارەکانی (شێلپین) . ئەوا سۆڤێت نەك تەنها پێگە و دەسەڵاتی خۆی لە ئەوروپای ناوەڕاست لەدەست دەدات بەڵکو لەئەفریقیا و زۆر شوێنی دیکەش، بەپێی (زوبۆك) (خرۆشێڤ) دەستنووسی پێشنیارەکانی بەتایبەتی بەشی یەکەم، سەرنجی ڕادەکێشێ و سەرجەمی پێشنیارەکان بۆ جێگر (فرۆلکۆژلۆڤ) دەنێرێت، لە 1961/8/1 چاوی پێدا خشێنراوەو بە کۆمیتەی ناوەندیدا تێپەڕیوە.

نووسەر زۆر ڕاستی لەو بەڵگەنامانە لەخوێنەر شاردۆتەوە کە دەری دەخەن، ئەو پێشنیارانەی (شێلپین) تەنها پێشنیاری ئاسایی بوونە و بەلایەنی شۆڕشی ئەیلوول و دەست پێکردنیەوە لە 1961/9/11 لەدوور و نزیکەوە حکومەتی سۆڤێتی نیازی نەبووە هاوکاری کورد بکات و لەپاشانیشدا تێزی وەکو (شۆڕشی ئەیلوول ئۆپێراسیۆنێکی (KGB) بووە لەبناغەوە هەڵدەوەشێنێتەوە) .

لەنووسینەکەی (زوبۆك) دا و لەپەراوێزی ژمارە (42) داهاتووە کە ( (کاتێك هەر ئەوەتا یاخی بوونی کورد لەباکووری عێراق لە سیپتەمبەری 1961 دەستی پێکردووە، دەزگای (KGB) خێرا وەڵامی یاداشتنامەکەی دایەوە لەگەڵ پێشنیاری زێدە کراویش کە دەبێ ئەم بارودۆخە قۆرخ بکرێت) ) .

ئەم بۆچوونەی (زوبۆك) زۆر ڕاستن و ئەوە دەردەخەن کە حکومەتی سۆڤێتی بایەخێکی گرنگی بەشۆڕشی کورد و پڕۆژەی (کوردستانی گەورە) نەداوە تاکو ئەوکاتەی شۆڕشی ئەیلول دەستی پێکردوە و ئەمەش مانای ئەوەیە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول لەدوورو نزیکەوە دەستی سۆڤێتی تێدانەبووە هەروەکو هەموو بەڵگەنامەکان ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن و لەڕاستیدا شۆڕشی ئەیلوول حکومەتی سۆڤێتی ناچارکردووە کە بەجدی بڕواننە مەسەلەی کورد، لەپاشاندا واتە دوای ڕاپۆرتەکەی (شێلپین)، (پیتەر ئیڤاشوتین) دوای ئەوەی ڕەزامەندی لەسەر پێشنیارەکان دەکرێ پێشنیاری دیکە دەخاتە سەر ڕاپۆرتەکەی شێلپین.

2- لەڕاستیدا پڕۆژەکەی (شێلپین) بۆ هەر مەبەستێك بووبێت گەورەترین پڕۆژەی سیاسی بووە لەمێژووی هاوچەرخدا کە بەڕاشکاوی دان بەوە دانراوە کە کوردستان یەك پارچەیە و زاراوەی کوردستانی یەك پارچەیی خستۆتە بەردەم دەسەڵاتدارانی سۆڤێتیەوە و بۆ ئەم پڕۆژەیەش بارزانی نەمری وەکو تاقە کەسێك پێشنیارکردووە لەلای دەسەڵاتدارانی سۆڤێتی کە ئەمەش بەڵگەیەکە بۆ کەسایەتی و سەربەخۆیی هەڵوێست و دنیا بینی ئەوەبووە لەناوچەکەدا، بەڵام ئەم پڕۆژەیە تەنها پێشنیار بووە و لە فلتەرەکانی کۆمیتەی ناوەندی و حکومەتی سۆڤێتیدا ڕوون نییە چەندێك دەسکاری کراوە و بڕیاری لەسەرچی دراوە کە ئەمەش پێویستی بەلێکۆڵینەوە هەیە، وەکو ڕوونی دەکەینەوە. (13) .

3- شەڕی سارد هەر لە دوای ساڵی 1946 ەوە دەستی پێکردووە و هەموو جیهانی گرتۆتەوە و هیچ بزووتنەوە و شۆڕشێکی نێوان ساڵانی 1945 – 1970 بەدەرنەبووە لەلایەنداری کردن و دابەشبوون بەسەر هەردوو هێزی جیهانی و هاوپەیمانەکانیانەوە، ئەگەر ڕاست بوایە دەسەڵاتدارانی سۆڤێتی ویستبێتیان وەکو ئەندامێکی سەر بەدەزگا ئەمنیەکانی خۆیان مامەڵە لەگەڵ بارزانی نەمردا بکەن، دەپرسین لەنێوان ساڵانی 1947 – 1958 دا نۆ ساڵ بەسەرمانەوەی بارزانی نەمردا تێپەڕیوە و بۆچی لەو ماوەیەدا نەیان ناردۆتەوە کوردستان و دژ بەو ڕژێمانە بجەنگێ کە ڕاستەوخۆ سەر بە ئەمریکا و ئینگلیزدا بوون؟!.

4- یاداشتنامەکەی (شێلپین) و تەنانەت ڕاپۆرتی باڵوێزی ئەمریکاش لەعێراق هەموو بەزمانی گریمان و پێشبینی کردن نووسراون و هیچ خاڵێکی دڵنیابوون و سووربوونی تێدانییە.

یاداشتنامەکەی (شێلپین) نزیکەی سێ ساڵیان لەنێوانە و هیچ یەکێکیان پەیوەندی بەوەی دیکەوە نییە، ئەوەی باڵوێزی ئەمریکا تەنها بریتییە لە (پێشبینی) کردن و خەیاڵێکی موخابەراتی و لە سیاسەتی ئەمریکیش هیچی لێ نەکەوتۆتەوە، باڵوێزی ئەمریکی لەعێراق (والدەر مارج گالمان) تەنها سێ مانگ پاش هاتنە سەر حوکمی عەبدولکەریم قاسم نووسراوە، فەرموون ئێوەو رستە نا دڵنیاکانی:
(لەوانەیە)، (دەشێ)، بارزانی بۆی هەبێ، سوودمەندبێ بۆ مۆسکۆ، لەبەرئەوەی یازدەسالی لەسۆڤیەت بەسەربردووە، لەبەرئەمانە (باوەڕیان وایە) و کۆمۆنیستەکان (وەکو گریمانێکن) بۆ هێرش کردنە سەر قاسم... هتد.
(شێپلین) پێشبینی دەکات کە دامەزراندنی کوردستانی سەربەخۆ پەشێوی راستەقینە لەنێو هێزەکانی رۆژاوادا دەنێتەوە، لەمەسەلەی هاوبەشی پێکردنی میسر و جەمال عەبدولناسر لەم پێشنیارانەدا دەڵێ ( (پێشنیار دەکەم دەست پێشخەریەك بکرێ... هتد) ) هەروەها ( (پێشنیاردەکەم لە کەناڵێکی نارەسمیەوە ناسر ئاگادار بکرێتەوە و پێی بگوترێ مۆسکۆ (لەوانەیە) چاو بە یەککگرتنەوەی بەشە ناکوردیەکەی عێراقدا بخشێنێتەوە... هتد. بەرامبەر بە ( (مەرجی پشتگیری کردنی تا لەدامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ... هتد) ) .
1- ئەو رستەیەی (ڤلادیسلاڤ م. زوبۆك) کە لە نووسینکەیدا بەکاری هێناوە و دەڵێ ( (پەیوەندی کۆنی بارزانی بە (KGB) ەوە، لە (سود پولاتۆڤ) ی وەرگرتوە هەروەك لە پەراوێزی (41) ئاماژەی بۆ کردووە، ئەم رستەیەش لەنووسینەکەیدا هیچ مانای نییە و پاساوێکە بۆ باوەڕی خۆی بە (سود پولاتۆڤ)، بێگومان بارزانی نەمر لە دامەزراندنی کۆماری مەهاباد و چوونی بۆ سۆڤیەت و تێپەڕبوونی بەچەندین دەوڵەتدا و 12 ساڵ مانەوەی لە سۆڤیەتدا، ناشێ قەتا و قەت چاوی بە لێپرساواان و دەزگا ئەمنیەکانی سۆڤێتدا نەکەوتبێ، بەڵام ئەوەی روون و ئاشکرایە کەپێش هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلوول حکومەتی سۆڤیەتی لەماوەی ئەو مانگەی نێوان ناردنی یاداشتنامەکەی (شێلپین) و هەڵگیرسانی شۆڕش هیچ هەڵوێستێکی راشکاوانە و تایبەتی لە ئاست بارزانی نەمر وەرنەگرتووە بەڵکو پاش دەرچوونی یاداشتنامەکە لەلای خرۆشێف بڕیاری خرۆشێڤ ئەوە بووە کە داوای لەهەموو دام و دەزگا و حکومەتە شیوعیەکانی جیهان کردووە کە پشتگیری لە بزووتنەوەی رزگاری خوازەکانی جیهان بکەن، ئەمەش هەروەکو گوتمان تایبەت نەبووە بە کورد و دەیان دەوڵەت و شۆڕش و بزووتنەوەی گرتۆتەوە لەجیهاندا و بەڕاستیش بەلایەنی کوردەوە ئەم داوایەش بێ مانایە چونکە داوایەکی وا پێویستیی بە گونجان و لەباری جوگرافیایەکی سیاسی هەبووە، هیچ دەوڵەتێك لەو دەوڵەتانەی چوار دەوری کوردستان دەوڵەتێکی شیوعی حوکمی نەکردووە تاکو یارمەتی شۆڕش بدەن، تاقە دەوڵەتێکیش لەناوچەکە پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ سۆڤیەتدا هەبووبێ میسر بووە کە لەدواییدا روونی دەکەینەوە ئەم پێشنیارەش بێ سوود و بێ کەڵك بووە.
لەمەسەلەی بەشدارپێکردنی (جەمال عەبدولناسر) و پەیوەندی بەکوردەوە نووسەر ئەو باوەڕە لەلای خوێنەر دروست دەکات و بەڵکو دڵنیایە لەوەی چاوپێکەوتنی بارزانی نەمر لەگەڵ جەمال عەبدولناسر بە پاڵپشتی (KGB) بووە، زانیاری لەم بابەتە ئەگەر دروستیش بێ مەسەلەیەکی ئاساییە، بارزانی نەمر دەگەڕێتەوە، بەڵام لەداوای گفت و گۆ و برایەتی و سارێژکردنی برینەکانی مێژووی سەد ساڵی زیاتر شتێکی دیکەی پێ نییە، لەپشتگیری پارتی دیموکراتی کوردستان زیاتر خاوەنی سوپا نییە، پێشمەرگەی کوردستان دانەمەزراوە، ئەوەی نووسەر دەیەوێ لە رێگەیەوە فێڵمان لێ بکات ئەوەیە کە هاتنەوەی بارزانی نەمر بۆ ئەوە بووە کە پلانەکەی (شێلپین) جێبەجێ بکات و دژ بە عەبدولکەریم قاسم بجەنگێ و فرۆکە شکێن و رۆکێت و زرێپۆش و ئۆتۆمبێلەکانی (شێلپین) دەگەنە کوردستان، ئاخر خۆ نەزان کردن بەرمبەر بەو راستیەی کە تا دوا ساتی بارزانی نەمر لە بەغدا و پاش چەند ساڵێك و

تەنانەت تاکو وەستانی شۆڕشی ئەیلوولیش داوای شۆرش هەر ئۆتۆنۆمی بووە و ئەرێ بۆ لەخۆی نەپرسیوە کوردستانی یەك گرتووی سەربەخۆ لەکوێ و ئۆتۆنۆمی لەکوێ.

بەلایەتی سەرۆك جەمال عەبدولناسر و میسرەوە، پەیوەندی کورد بە میسرەوە پەیوەندیەکی کۆنە و بۆ کۆچی بنەماڵەی بەدرخانیەکان دەگەڕێتەوە بۆ میسر کە کاریان لەسەر کولتوور و هیواکانی کورد و داواکانی کردووە لەوێ، هەروەها جەمال عەبدولناسری سەرکردەی میسر بەڵێ پشتگیری لەهەموو بزووتنەوە رزگاری خوازەکانی دنیاکردووە، هەربۆیە شاندێکی کورد لەساڵی 1957 واتە پێش گەڕانەوەی بارزانی نەمر سەردانی میسریان کردووە و داوای پشتگیری ناسریان کردووە لەمەسەلەی کورد و پاش ئەمەش ناسر پشتگیری خۆی بۆ مافی کەمە نەتەوەییەکان دەربڕیوە و ئەوسا رادیۆی قاهیرە دامەزراوە. (14) .

ناسر هەر لەسەرتای شۆڕشی 14ی تەمووزی 1958 ەوە هاوکاری سەرکردەکانی ئەم شۆڕشەی کردووە و هەروەك سەرچاوەکان دەڵێن پەیوەندیەکی کەسایەتی لەگەڵ عەبدولسەلام عارفدا هەبووە و بەیەکێك لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی نا لایەنداری (عدم الانحياز) جیهانی دادەندرێ و دژی هاوپەیمانێتی نێو دەوڵەتی بووە لەپێناوی داگیرکردن و دەست بەسەرداگرتنی ووڵاتان و گەلانی دنیا، دژی رژێمە پادشایەتی و (کۆنە پەرستەکانی) ووڵاتانی عەرەبی بووە و سیاسەتێکی سەربەخۆی گرتۆتە بەر کەوای لێکردووە دژی خۆدانە پاڵی دەوڵەتە زلهێزەکان وەستاوە ئەمەش لەپەیوەندی لەگەڵ سۆڤیەت بەدەردەکەوێ کە پتەو و گەوهەری بووە لەمەسەلەی خەبات و رزگاربوونی عەرەب لەو رژێمانەی کەسەر بە ئەمریکا و رۆژئاوابوونە، بەلام ناسر لەم سیاسەتەدا نەکەوتبووە ژێر بڕیاری سۆڤیەتەوە و بەهەزاران ئەندامی لەحزبی شیوعی لەزیندان ناوە هەموو حزبەکانی لەمیسردا سەرکوت کردووە، باوەڕی بە سۆشیالیستی هەبووە، بەڵام روحێکی نەتەوەیی هەبووە. (15) کەواتە ئاشکرایە سەردانی بارزانی نەمر بۆ جەمال عەبدولناسر قەت بە پلانی (KGB) نەبووە، کە ناسر هاوکاری بارزانی نەمر بکات دژ بە عەبدولکەریم قاسم، چونکە ئەمە لەهەوو لایەنێکەوە دژ بە سیاسەتی ناسر و میسر بووە و لێرەدا دەیسەلمێنن کەچۆن عەبدولکەریم قاسم هەر لەسەرەتاوە سیاسەتی دژایەتی کردنی ئەمریکا و رۆژاوای گرتۆتە بەر.

بەهێزترین بەڵگە بۆ ئەم هەڵوێستەی عەبدولکەریم قاسم ئەو راپۆرتەیە کە (تیۆدۆر زیکۆڤ) سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی ناوەندی حزبی شیوعی بۆلگاری ئامادەی کردووە و پشت بە زانیاری موخابەراتی سەربازی دەبەستێت هەروەها پشت بە چاوپێکەوتنی زیکۆڤ دەبەستێت لەگەڵ خرۆشێڤدا، راپۆرتەکە لە 1958/4/2 دا ئامادەکراوە، گرنگترین خاڵ پەیوەست بە عەبدولکەریم قاسمەوە دەڵێ ئێمە لەهەڵسەنگاندنەکانماندا راست بووین کە کۆلۆنیالیزم لە رۆژهەلاتی ناوەڕاستدا ئامانجی خولْقاندنی بارگرژیە کە لەوانەش دەیەوێ بەدەست تێوەردانی سەربازیانە و وەکو ئامانجی کۆتایی خۆی کاربۆ روخاندنی کۆماری عێراق بکات و هەوڵ بدات کۆماری یەکگرتووی عەرەبی لەناوبەرێ، هەروەها ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە پۆلیسی نهێنی جەمال عەبدولناسر زۆر بەپەلە کار بۆ یەکگرتنی عێراق دەکەن لەگەڵ کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و لەهەوڵی ئەوەشدان کەوا بنوێنن شۆڕشی عێراق کردەوەیەکی ناسر و موخابەراتەکەی بووە. (16) .

لەم ستراتیژیەدا ناسر بەشێوەیەکی سەرەکی پشت بە جەنەرال عارف و جێگری یەکەمی قاسم و حزبی بەعس دەبەستێت و ئەو دوو لایەنەش بە 30. 000 سی هەزار کەسەوە خۆپیشاندانێکیان لەبەغدا ئەنجامداوە و داوای یەکگرتنەوەی دەم و دەستی دەکەن لەگەڵ کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و ئەم خۆپیشاندانەش دەستی ناسری تێدابووە پاش ئەمانیش شیوعیەکان بە (500. 000) پێنج سەد هەزار کەسەوە رژانەتە سەر جادە و داوای فیدرالیان کردووە لەگەڵ کۆماری یەکگرتووی عەرەبی و پاشانیش

سووربوونە لەسەر فراوان كردنەوەی پەیوەندیەكانی نێوان عێراق و سۆڤیەت و خۆنیشاندەران تەنها وێنەی قاسمیان بەرزكردۆتەوە كەئەمەش سەرنجی حكومەتی راكێشاوە هەر بۆیە قاسم پاش خۆنیشاندانەكە لەگەڵ ئەندامانی سەركردایەتی حزبی شیوعی و بەرەی نیشتیمانی كۆدەبێتەوە و پلانی خۆی بۆ ئامادەبووان روون كردۆتەوە كە كابینەی وەزارەتەكەی رێك دەخاتەوە و عارف و هەندێك لە وەزیرە كۆنەپەرستەكان لەكار دەخات لەكۆتاییشدا دەڵێ یەكگرتنەوەی عەرەب ئەو ستراتیژیەیە كە ئێمە و هەموو كۆمۆنیستەكان و هەموو هێزە دیموكرات خوازەكانی جیهانی عەرەبی پشتگیری لێ دەكەین.

گومان لەوەدا نییە هەنگاوەكانی قاسم پاش شۆڕش بەم ئاراستە و بەم ستراتیژیەتەدا رۆیشت كە زیكۆڤ باسی دەكات، عەبدولكەریم قاسم عەبدولسەلام عارفی لەجێگری لابرد، عێراقی لەپەیمانی بەغدا دەركردە دەرەوە كە پەیماننامەیەكی نێوان عێراق و رۆژئاوابوو، پەیوەندی دۆستانەی لەگەڵ سۆڤیەتدا بەست، هەروەكو چۆن پەیماننامەی ئاسایشی نێوان عێراق و بەریتانیای هەڵوەشاندەوە هەروەها لەگەڵ ئەمریكاشدا لێك جودابوونەوە بەهەڵوەشاندنەوەی رێكەوتنی نێوان سالانی (1954 – 1955) كاری پێ دەكرا و دواهەنگاویشی لە 1959/5/30 دوا سەربازی بەریتانی لەبنكەی حەبانیە عێراقیان بەجی هێشت و لە 1958/7/26 دەستووری كاتیی عێراق دانراو بەپێی ئەو دەستوورە هەموو هاولاتیەك یەكسان كران بەرامبەر بەیاسا و بەپێی بەندی سێیەمی دەستوورەكە كورد و عەرەب شەریكن لە عێراقدا و ئەوەبوو هەموو ئەو بەندكراوە سیاسیانەی كە لەنێوان سالانی 1943 – 1945 گیرابوون ئازادكران و هەر خۆشی نامەیەك بۆ (خرۆشێڤ) دەنێرێ كە تیایدا داوا دەكات بارزانی نەمر و هەڤاڵەكانی بگەڕێنەوە بۆ عێراق. (17) .

لەم بەڵگانەوە چیمان بۆ روون دەبێتەوە؟!

1- هاتنەوەی بارزانی نەمر لەیەكێتی سۆڤیەتەوە لەدوور و نزیكەوە بڕیارێكی حكومەتی سۆڤێتی نەبووە هەرچەندە عێراق لەحوكمی پادشایەتی رزگاری بوو و حكومەتێكی دۆست شوێنی گرتەوە هاتنەوەی بارزانیش كە لەپێناوی رێكەوتن لەگەڵ قاسمدا نەبووبێ بۆ هیچ مەبەستێكی دیكە نەبووە.

2- بارزانی نەمر تا دوا ساتی مانەوەی لەبەغدا توانا و هێزی سیاسی خۆی لەچوارچێوەی دان بەخۆداگرتن و گفت و گۆ و هاوكاری كردنی قاسم بەكارهێناوە لەپێناوی بەدی هێنانی مافەكانی گەلی كوردا و قاسمیش ویستوویەتی مەسەلەی كورد لەچوارچێوەی دیموكراتیەتدا چارەسەر بكات، بەلام شۆڤێنیستەكانی دەوروپشتی هەڵەی هەندێك لایەن و حزب وایان كرد قاسم لەبڕیاری خۆی و دەستوورە كاتیەكەی پەشیمان بێتەوە، كە ئەوكاتە عەبدولسەلام عارف دەورێكی تێكدەری بینیوە، چونكە هەرئەویش بوو لەسەروبەندی هاتنەوەی بارزانی نەمردا بە قاسمی گوتووە من لەشوێنی تۆدا بم بە مەلا مستەفا دەڵێم بڕۆ و قەتاوقەت نەگەڕێیتەوە عێراق (18) . لێرەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین كە گەورەترین هەڵەی قاسم لێدانی حزبی شیوعی عێراقی و جێبەجێ نەكردنی بەندەكانی دەستووری عێراق بوو، هەروەك بڵێی قاسم شوێن پێی جەمال عەبدولناسر هەڵدەگرتەوە لەلێدانی هەموو حزبەكانی ناو عێراق، ئەو حزبانەی كە پاڵپشت و پشتگیری ئەوبوون لەهەموو مەترسیەك، كوردیش تەنها دوو رێگەی لەبەردەمدا مایەوە یاخود رازیبوون بەهەموو بڕیارێكی قاسم و لەبیكردنی هەموو جۆرە مافێكی سیاسی یاخود دەبوایە رووبەڕووی قاسم بێتەوە كە هێدی هێدی بەرەو دكتاتۆریەت دەچوو، تا ئەو كاتەی قاسم پاش رووداوەكانی پەیوەست بە كودەتای مووسڵەوە كە حزبی شیوعی دەورێكی دیاری هەبوو لە پووچەڵ كردنەوەی ئەو هەوڵە، قاسم بكەوێتە بەرامبەر دوو هەڵبژاردنەوە، یاخود ملكەچ كات بۆ داوا دیموكراتیەكان و ئاشت كردنەوەی حزبە نیشتیمانیەكان و سەلماندنی مافی كورد یاخود دەبوایە بەهاوپەیمانێتی كردن لەگەڵ زلهێزەكان و وەرگرتنی چەك و تەقەمەنی لێیان و

پشت گوێ خستنی داواکاری و هیواکانی کورد و عەرەب، بۆیە قاسم ڕێگەی دوومی هەڵبژارد و پەیوەندیەکانی خۆی لەگەڵ سۆڤیەت خەست کردەوە و ڕەتی ئەمەی کردەوە شاندی کورد ببینێ و پاش نووسینی یاداشتنامەیەکیش کە بەڵێن بوو دوای مانگێك وەڵامی نەدایەوە و بەڵکو بەگەورەترین هەڵە سیاسیەکان هەڵسا کاتێك نامەیەکی تایبەتی بۆ (خرۆشێڤ) نارد و تیایدا ئەوەی گوتبوو کە بارزانی نەمر لەبەرژەوەندی پەیمانی سەنتۆ کاردەکا کە نیازی روخاندنی حکومەتەکەی هەیە (19) هەڵەی دووەمی حکومەتی قاسم و دارودەستە شۆڤێنیەکانی لەڕێگەی خۆنیشاندانێکەوە هێرشیان کردە سەر بارەگای بارزانی نەمر لەبەغدا و پاش تەقە و شەڕێکی زۆر نوشوستی بە هەوڵەکەیان هێنراو کاری وا ئەگەر قاسمیش دەستی تێدا نەبووبێ ئەوا زۆری پێ دەچێت هەر لەوانە بووبن کە رژانە سەر جادەکان و داوای یەکگرتنەوەی بەپەلەی عێراقیان دەکرد لەگەڵ کۆماری عەرەبی یەکگرتوو، یاخود لەپێناوی تێکدانی پەیوەندی نێوان بارزانی نەمر و قاسم بووە، بەهەر حاڵ بەم جۆرە متمانە بەیەکترکردنی حکومەتی قاسم و شۆڕش لاوازبوو، کە بارزانی نەمر لەوە تێگەیشت بارودۆخی شۆڕشی تەمووز و سیاسەتی نێو دەوڵەتی گۆڕانی بەسەر هاتووە ئەوسا لەکانوونی دووەمی 1961 بەیەکجاری بەغدا جێ دێڵێ و دەگەڕێتەوە بارزان، لێرەشدا بەدەیان هەزاران لاپەڕەی ئەو چەند، ساڵە نهێنین و ئاشکرا نەکراون و پێویستیان بەلێکۆڵینەوەی وورد و زانستیانە هەیە.

3- خوێندنەوەی سیاسیانەی ساڵانی 1958 – 1966 پێویستی بە وردبوونەوەی زۆر هەیە و زۆرجار ناتوانرێ و لەتوانادا نابێ هەڵوێستێکی سیاسی لەسەر هیچ حکومەت و گروپ و حزب و لایەنێك روون کەیتەوە، چونکە هەڵوێستە سیاسیەکانی شەڕی سارد لە گۆڕانکاری بەردەوام بوونە، تووشی دژ بە یەکی و سیاسەتی دوو سەربی بوونە، بەرەو رووی گوشار و پیلان و هێرش بوونەتەوە، ڕووداوەکان زۆر بەپەلە پەرەیان سەندووە و لەگەڵ خۆشیدا باوەڕەکانی گۆڕیوە، زاراوەی رەوشتی سیاسی و متمانەی سیاسیانەو یەك هەڵوێستی سیاسی لەو سەردەمانەدا هیچ مانایەکیان نەبووە، هەموو مەسەلەکان لەپێناوی بەرژەوەندیدا بوونە و هەر ئەو بەرەژەوەندیانەش وایان کردووە سیاسەتی زلهێزەکان زۆرجار خیانەت لەهاوپەیمان و لایەنگرانی خۆیان بکەن، لەبەڵێن و قسەکانیان پەشیمان ببنەوە، سەیر نییە بارزانی نەمر لەساڵی 1967 بە ئەفسەر و پێشمەرگەکانی دەڵێ کە بە کوتە کاغەزێك و چەند قسەیەك هەڵنەخەڵەتێن، هەموو بەڵگەنامەکانیش ئەوە دەسەلمێنن کە بەرژەوەندی کورد لەکۆێدا بووبێ بارزانی نەمر لەوێدا کاری کردووە، ئەگەر شۆڕشی ئەیلوول ئۆپەراسیۆنێکی (KGB) بوایە بارزانی نەمر لەساڵی 1962 بە (دانا ئادەم شمیس) ی نەدەگوت ئەگەر ئەمریکا دەستی یارمەتیمان بۆ درێژ بکات بناغەی هێمنترین و جێگیرترین دەوڵەت لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەنێین، ئەگەر بەڕاستیش سیاسەتی سۆڤیەتی بەسەر شۆڕش و مەسەلەی کوردا برۆیشتایە لەساڵی 1963 فرۆکەی سووری لەسەر داوای عەبدولکەریم قاسم دەیان گوند و خانووی کوردی وێران نەدەکرد و جەمال عەبدولناسریش پێشوازی لەکودەتای بەعسیەکان نەدەکرد لەقاهیرە و لاپەڕەی پشتگیری کردنی کوردی دانەدەخست، بەڵام چ دەڵێی دەبوایە ئەم قسانە لەدوژمنانی کوردەوە دەرچوایە نەك لە نووسەرێکی کوردەوە، دەبوایە نووسەر لەوە بەئاگابوایە کە کەسایەتی بارزانی نەمر تاقە کەسایەتیەکی شۆڕشگێڕی کوردبوو لەناوچەکە و هەموو جیهاندا کە لەلایەکەوە بەر زوڵم و خیانەتی بەرامبەرە سیاسیەکانی بۆتەوە لەلایەکی دیکەشەوە بەر زوڵم تێنەگەیشتنی بەرامبەرکەکانی بۆتەوە، بەڵێ بەریتانیا سۆڤێتی بەوە تاوانبار کردووە کە یارمەتی کورد دەدا، ئەمریکا بارزانی بەهاوپەیمانی سۆڤیەتی داناوە، قاسم بارزانی بە پیاوی سەنتۆ لەقەڵەم داوە، سۆڤیەت پرۆپاگەندەی وای دەکرد کە بارزانی پەیوەندی بە جوولەکەوە هەبووە، ئەڵمانیا بەمە تاوانبارکراوە یارمەتی کورد دەدات بە دەیان هەڵوێستی لەم بابەتە و بەدەیان پەشیمان بوونەوە و بەڵێنی درۆ و خیانەت کردن و قۆرخ کردنی خەباتی کورد، بەرەو رووی

بارزانی سەرکردەمان بۆتەوە و تاقە چەکێکی ئەو دان بەخۆداگرتنبووە لەنێو ئازار و بەردەوام بوون لە رووبەڕووبوونەوە و گەڕانی بەردەوامی ئەو بووە لەنێو هەموو ئەو هێزە گەورە و مەزنانە بچێتە ئەو شوێنەی هیوایەکی تێدایە بۆ کورد و تاکو دوا هەناسەی مردنیشی ئەم عەشقە پیرۆزەی بۆ نەتەوەکەی نەدۆڕاند.

نووسەری کورد پەروەرمان! بەمەشەوە نەوەستاوە بەڵکو هاتووە بە زەڕەبین بەدوای ژیان و بەسەرهاتی بارزانی نەمردا گەڕاوە و بەچەواشەکاری و شاردنەوەی راستیدا ویستوویەتی ئەو مێژووە بشێوێنێ و لە پەرەگرافێکی نووسینەکەیدا دەنووسێ ( (توێژەری ئەمریکی"داڤید ا. کورن" لە باسێکیدا کەوا لەساڵی 1994 لەسەر ژیانی بارزانی لە ئەمریکا بڵاوکراوەتەوە، دەڵێت بارزانی هەر لەپاش گەیشتنی بۆ ئەمریکا تا مردنیشی لەلایەن (سی، ئای، ئەی) ەوە بەخێو دەکرا، رێگایان پێ نەئەدا، دەبوو لەو ماڵەدا بژێیت کە (سی، ئای، ئەی) بۆی بەکرێ گرتبوو، ئەم سازمانەش هەموو خەرجیەکانی چارەسەری نەخۆشی بارزانی گرتبووە ئەستۆی خۆی... هتد.) ) .

نووسەر لەخۆی ناپرسێ بۆچی بارزانی نەمر لەئەمریکا کەوتۆتە ژێر چاودێری (سی، ئای، ئەی) ەوە چونکە ئەمە کاری ئەو نییە و ناشڵێ ئاخۆ تەنها لەژێر چاودێری (سی، ئای، ئەی) بووە و بەس، ئەمەش ناڵێ، چونکە ئەگەر وەڵامی ئەم دوو پرسیارە بداتەوە بەڕاستگۆیی نایڵێ و دەبێ هەموو قسەکانی خۆی بەدرۆ بخاتەوە.

لەوێ دوور لە کوردستان، دوور لەهەڤاڵ و کەس و کار و دۆست و خۆشەویستەکانی، بەدڵێکی شکست و بریندارەوە، بەئازاری خیانەت و فرت و فێڵی سیاسەتەوە، ئەو هێشتا لەخەو بینین و هیوا خواستن بەوەی کورد بگاتە مافەکانی نەکەوتووە، ئەو بەجەستەیەکی شەکەت و نەخۆشی ترسناکەوە، لەتەمەنی حەفتا سالێدا خۆی و ئازارەکانی لەبیر دەکا و لەژێر زوڵمی دەست بەسەری و زیندانی کردندا، دەیەوێ چاوی بە (هنری کەیسنجەر) بکەوێ، کە تەنها دوو هەفتە پێش رێکەوتنی سەدامی خوێن رێژ و شاهەنشای پۆلیسی کەنداو نامەیەکی بۆ بارزانی نەمر ناردبوو و تیایدا هاتبوو ( (دەمەوێ بزانی کە ئێمە رێزمان بۆ خۆت و هەموو گەلی کورد هەیە هەروەها بۆ ئەو تێکۆشان و هەوڵانەی کە تۆ دەی دەی.. ) ) هەروەها ( (تۆ دەبێ دڵنیابی کە نامەکانت سەرنجی جدیی بەرزترین ئاستی لە حکومەتی ئەمریکا بۆ سەر خۆیان رادەکێشن بەهۆی ئەو گرنگیەی کەبەو نامانەی دەدەین (20) .

دەیوسیت بیبینی تاکو ئەمریکا چاو بە سیاسەتی خۆیدا بخێشێنێتەوە، تاکو پێشی بڵێ بۆچی لەپێناوی بەرژەوەندیەکانی خۆی و شای ئێراندا هیوا و شۆڕشی نەتەوەکەیان تواندەوە، لەگەڵ ئەمەشدا کۆڵی نەداوە. سەرباری ئەم هەموو راستیانە ئەمڕۆ نووسەرێکی کوردی هەڵگری رەگەزنامەیی بیانی دەیەوێ وا لەخوێنەر بگەیێنێ کە بارزانی نەمر بۆیە لەژێر چاودێری (سی، ئای، ئەی) بووە چونکە لەو دەزگایەدا کاری کردووە، ئەو راستیە دەشارێتەوە کە کیسنجەر لەنامەکەیدا دەڵێ نامەکانت لەبەرزترین ئاستی حکومەتی ئەمریکادا بایەخی پێ دەدرێت.

بارزانی نەمر لەنێو سازمان و خانوودا نەژیاوە، بەڵکو ەرپاش گەیشتنی بەپێی لێکۆڵینەوەکەی (کۆرن) لەژووری ئوتێلێکدا شوێنی کراوەتەوە چوونی بارزانی نەمریش هەروەك نووسەری ئەمریکی روونی دەکاتەوە پاش هەوڵێکی زۆری دۆست و لایەنگرانیەوە بووە لە ئێران و لە ئەمریکا، چونکە شاهەنشا وستوویەتی بارزانی نەمر لەنێو کۆشکێکی هەرە گەورەی پادشاهاندا بهێلێتەوە و بیخاتە ژێر چاودێری ساواکەوە و زیندانی بکات، ئەمریکاش نەی ویستووە پێشوازی لە بارزانی نەمر بکات هۆیەکەش ئەوەبووە کە هەردوولا ویستوویانە هەموو رێگەیەك لەبارزانی بگرن کە هەوڵی بەردەوام بوون بە شۆرش بدات و رێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وەکو خۆیان بهێلێتەوە، بەڵام ئەو هەموو هەوڵەکانی خۆی بۆ دەرچوون لە ئێران و لەچوونی بۆ ئەمریکا دەخاتە کار، (کۆرن) دەڵێ پاش ئەوەی

شەهید کاك ئیدریس بارزانی، مستەفا بارزانی قەناعەت پێ دەکات کە د. نەجمەدین بیپشکنێ، چونکە تەندروستی بەرەو خراپی دەچوو، دەرەنجامەکانی پشکنین گومانی نەخۆشیی شێرپەنجەی لەبارزانی نەمر کردووە و گوتویەتی دەبێ بە ئەشیعەی X پشکنین بکات، شای ئێرانیش بەمەی زانیوە و چەندین دکتۆری بۆ دیاری کردووە و حەزی کردووە، بەڵام بارزانی نەمر رازی نەبووە چونکە گوتویەتی ئەوسا بەهۆی چارەسەریەوە لەئێران دەمهێڵنەوە و ناهێڵن بچمە ئەمریکا. (21) .

2- نووسەر راستیەکی دەیکەشی لەخوێنەران شاردۆتەوە، ئەویش ئەوەیە کە هەروەك (کۆرن) دەڵێت بارزانی نەمر لەلایەن (سی، ئای، ئەی) و (ساواك) ەوە چاودێری کراوە لەپێناو ئابڵۆقەدان و پەکخستنی هەموو هەوڵێکی پەیوەندی کردن و هاتووچۆ، بەڵام نووسەر بە ئەنقەست ناوی (ساواك) ناهێنێ، کە ئەمەش شاردنەوە و چەواشەکرنی زانیاریە و دەیسەلمێنێ کە شا زۆر گرنگ بووە لای بارزانی نەمر وەکو بەندیەك مامەڵەی لەگەڵ بکرێ و هیچ ئازادیەکی نەبێت.

3- مەسەلەی نیشتەجێ کردنی بارزانی نەمر و چارەسەرکردنی، مەسەلەیەکی زۆر ئاساییە، ئەگەر حکومەتێك رەزامەندی لەسەر کەسێك کە بارزانی نەمر هیچ کەسێك نەبینێ و قەدەغە بێ کەس سەردانی کات و ئازاد نەبێ هیچ چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەنووسی بکات و ژوورەکەی پڕبووە لە ئامێری تۆمارکردنی دەنگ و وەکو دەست بەسەرێکی سیاسی مامەڵەی لەگەڵدا کرابێ، بێگومان دەبێ مەسرەفی ئەو کەسە بەپێی یاسای نیشتەجێکردنی بەزۆر بکێشێ و نووسەر ئەو مەسەلەیە چاك دەزانێ جا ئەو مەسرەفە لەهەر لایەنێکەوە بووبێ، (کۆرن) باس لەچاودێری بارزانی نەمر دەکات و بەدووی ئەوەدا نەگەڕاوە کێ مەسرەفی دەکات، ئەی بۆچی باسی ئەوە ناکات کە چەندجار شای ئێران هەوڵی داوە لەلای حکومەتی ئەمریکی کە بارزانی نەمر بگەڕێنێتەوە بۆ ئێران و پاش ئەوەی لەدوا هەوڵیدا نوشوست دێنێ بەرامبەر بە هەوڵی بارزانی و دۆست و لایەنگرانی لە کۆنگرێس و ئەمریکا، ئەوجا پێی دەڵێن دەبێ خۆت مەسرەفی خۆت بکێشی، چونکە کاتێك بڕیارێك لە حکومەتی ئەمریکیەوە دەردەچێت بۆ ناردنەوەی بۆ شوێنی داواکراو یا شوێنی خۆی بێگومان مەسرەف و هەموو شتێکی لێ دەبڕدرێت.

پاش ئەوە خانوویەکی ساکار بەکرێ دەگرێ، مەسرەف نەکێشانی و بڕینی مەسرەفی ئەو کاتە بووە کە بارزانی نەمر رەفزی گەڕانەوەی کردووە بۆ ئێران و (سی، ئای، ئەی) ئەو زانیاریەی هەبووە کە بارزانی نزیکە لەمردنەوە، کەواتە گرنگ ئەوەبووە کە بارزانی نەمر هیچ کاریگەریەکی لەسەر بارودۆخی عێراق و ناوچەکەدا هەبێ و بە تەواویش نەیان توانی توانیان ئەم ئامانجەیان بپێکن و مەسرەف و چارەسەرکردنی کاتیی بارزانی هیچ گرنگیەکی نییە و یاسای جێگیرکردنی داسەپاو ئەو مافەی پێ دەبەخشێ، لەو کاتەوە ئەمریکا رازی دەبێ سەفەرکات بۆ وولاتەکەیان.

ئەمە بەشێوەیەکی کورت وەڵام دانەوە و روونکردنەوەی هەندێ لاپەڕە بێ سنوورەکانی ژیان و بەسەرهاتی شۆڕش و سەرکردەی نەتەوەییمان بارزانی هەمیشە زیندووە کە نووسەر بۆ مەبەستێکی خراپ راستیەکانی شێواندووە، لەم چەند دێرەی خوارەوەدا هەندێك دژ بە یەکی ناو نووسینکە دەخەینە روو کە دەری دەخەن نووسەر ئاستێکی زۆر ساکاری لەنووسیندا هەیە و کەوتۆتە هەڵەی ساویلکەوە:

لەبەشی دووەمدا نووسەر دەڵێ ( (هەرپاش گەیشتنیان بە ووتەی جەنەرال سودپولاتۆف، گرنگیەکی زۆر بە بارزانی و هاوەڵەکانی دەدرێ لەلایەن سەرکردایەتی سۆڤیەت و دەزگا جاسووسیەکان) ) کەچی لەهەمان بەشدا دەڵێ ( (جەنەرال سود پولاتۆف لەشوێنێکدا دەڵێت کاتێك چوومە لای مۆلۆتۆف، وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی ئەو کاتە، بۆ باسکردنی مەسەلەی مەشق پێکردنی سەربازی بارزانی، مۆلۆتۆف پێی ووتم، ئێمە وەکو وەزارەتی دەرەوە بەهیچ جۆرێك پەیوەندیمان بەمەسەلەی بارزانیەوە نییە... هتد) ) .

هەروەها لەهەمان بەشدا دەڵێ ( (پەیوەندیەکانی بارزانی لەسۆڤیەت تەنها سروشتێکی هەواڵگریان هەبووە، نەك سیاسی) ) . و لەشوێنێکی دیکەشدا دەڵێ ( (مەلا مستەفا هەر چیەك بووبێ گرنگیەکی

تایبەتی لەلایەن (ستالین) و (خرۆشێف) ەوە پێ دراوە) )، ئاخر ئەگەر یەكێك لە ئەلف و بێی سیاسەت شارەزایی هەبێ ئەم قسە بێ سەروبەرانە دەكات، باشە ئەگەر بارزانی نەمر و هاوەڵەكانی لەلایەن سەركردایەتی سۆڤیەت و دەزگا جاسووسیەكانیەوە گرنگیەكی زۆریان پێ درابێ، پێمان ناڵێی چۆن چۆنی پەیوەندییەكانی بارزانی نەمر سروشتێكی سیاسیان نەبووە؟، ئەگەر (ستالین و خرۆشێڤ) گرنگی تایبەتیان بە بارزانی نەمر دابێ چۆن مۆلۆتۆڤ گوتویەتی پەیوەندیەكانی ئەو تەنها لەگەڵ دەزگا ئەمنیەكانماندایە؟! پاشان رستەی نووسەری سیاسەتزانمان ( (مەلا مسەتەفا هەرچیەك بووبێ گرنگیەكی تایبەتی هەبووە... ) ) چەندێك لەگەڵ رستەكانی پێشوویدا یەك دەگرێتەوە، چەندێك دڵنیایی و بێگومانی لەلای نووسەردا هەیە كە بارزانی نەمر فلانە شت بووە، ئەم قسانە هەمووی دژ بە یەكی یەكترین و هیچیان پەیوەندیان بەوەی دیەوە نییە و ئەمەش دەیسەلمێنێ كە هیچ یەكێك لەو زانیاریانە شوێنی دڵنیابوون نییە و یا هەڵبەستنە یا گریمانە.

ئەوەی شوێنی سەرسوڕمانە نووسەر دەیەوێ وا لەخوێنەر بگەیێنێ كە دەزگای ئەمنی پەیوەندی بە حكومەتەوە نییە، یاخود دەزگای ئەمنی بەدەزگای حكومی دانانرێن، ئەمە تێنەگەیشتنێكی روونە، لەهەموو ووڵاتێكدا دەزگای ئەمنی بڕبڕەی پشتی ئەو ووڵاتە پێك دەهێنێ، لەووڵاتێكی وەكو سۆڤیەتی ستالین و خرۆشێڤ و بێریا و بریجنێف و تاكو ئەمڕۆش، هیچ بڕیارێكی حكومەت بەبێ هاوبەشی ئەو دەزگایانە دەرنەچووە.

لەشوێنێكی دیكەدا دەڵێ ( (سود پۆلاتۆڤ) ) بۆ یەكەمجار وەكو نوێنەری دەزگای جاسووسی سۆڤیەتی چاوی بە بارزانی دەكەوێت، هەروەكو لەبیرەوەریەكانی خۆیدا دەڵێت ( (بەمەبەستی هەڵسەنگاندنی ئەگەری بەكارهێنانی بارزانی بووە دژ بە بەرژەوەندیەكانی رۆژئاوا لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا) )، لەشوێنێكی دیكەشدا دەڵێ ( (پەیوەندیە كۆنەكانی (KGB) لەگەڵ سەرۆكی پارتی دیموكراتی كوردستان و مەلا مسەفا بارزانی بەكاربهێنرێت بۆ زیندوو كردنەوەی گەلی كورد لە عێراق و ئێران و توركیا بەمەبەستی دامەزراندنی كوردستانێكی سەربەخۆ كە بەشەكانی كوردستان لەم ووڵاتانە لەخۆی بگرێت) ) .

لەشوێنێكی دیكەشدا دەڵێ ( (بەم جۆرە هەر لەسەرتاوە ئامرازێك بووە لەدەست هێزە گەورەكانی جیهان) ) .

بڕوانن لەم بیرو رایانەی چۆن یەكتری بە ناڕاست دەردەخەن، ئەگەر بارزانی نەمر پەیوەندی كۆنی لەگەڵ (KGB) هەبووایە دەبوو گوێڕایەڵی ئەوان بووایە و بۆ بەرژەوەندی و سەروەریی ئەو ووڵاتە كاری بكردایە، بۆ نموونە نەدەبوایە داوای حوكمی زاتی كا و نەدەبوو كاری بۆ كوردستانی سەربەخۆ بكردایە و لەگەڵ عەبدولكەریم قاسم گفت و گۆی نەكردایە و چەند بزووتنەوەیەكی سەربەخۆیی لە ئێران و توركیا و سووریا دانەمەزراندایە و سۆڤیەتیش دەبوایە بەهەموو جۆرە چەك و تەقەمەنیەك هاوكاریی كوردی بكردایە كە ئەمانە هیچیان فریان بەسەر واقیعی رووداوەكانەوە نییە، قسە تۆماركراوەكانی بارزانی نەمر بۆ سەركردایەتی شۆڕش و پێشمەرگە رۆژنامەنووسە بیانیەكان دەری دەخەن كە بەڵێ هیوای بارزانی نەمر گەورەتر بووە لە حوكمی زاتی، بەڵام لە سێ گفت و گۆی سەرەكی 1961 و 1966 و 1970 بارزانی نەمر لەحوكمی زاتی زیاتر داوای شتێكی دیكەی نەكردووە، بەڕاستی سەیر و سەمەرەیە نووسەر هێشتا هەست بەوە ناكات كوردستانی گەورە یانی چی! من تێ ناگەم ئایا ئەو كوردستانی گەورە و سەربەخۆ لەلای یاری شەترەنجە یان گۆرانی گوتنە؟!! من تێناگەم چۆن چۆنی شۆڕشی ئەیلوول ئۆپەراسیۆنێكی سۆڤیەتیە و لەهەمان كاتدا پڕۆژەی كوردستانی گەورە و سەربەخۆی خستبێتە روو؟! ئەگەر بەڕاستی ئەمانە سیاسەتی سۆڤیەت بووبێ ئەوا ئێمە دەبوایە هەر لە ساڵی 1961 ەوە خاوەنی دەوڵەتی گەورەی خۆمان بووینانە، ئەمە خەیاڵ پڵاویی نووسەرێكە كە لەنێو زانیاری و مەبەستە

خراپەكانی خۆیدا نقوم بووە و دەرەوەی نیای لیچ تاریك بووە، ئەی ئافەرین نووسەر ئاخۆ دامەزراندنی كوردستانی گەورە بەو دەبێ (KGB) بە بارزانی نەمر بڵێ ئەوەیە پرۆژەمان و باسی پەیوەندییەكانمان لەلای كەس نەكەی من واتێ دەگەم شۆڕش و كوردستانی گەورە لەلای نووسەر تەنها بەقسەكردنە و بەس ( (بەڕاستی زۆرچاك لەسیاسەت گەیشتووی، پاشان دەڵێ ( (مەلا مستەفا كاتێك شۆڕشی هەڵگیرساند كە پەیوەندییەكانی حكومەتی قاسم لەگەڵ شیوعیەكان بەرەو خراپی دەڕۆیشت و ئەم حكومەتە زیاتر لەرۆژئاوا نزیك دەبۆوە) ) .

ئاشكرایە نووسەر ئاگای لەمێژووی سیاسی عێراق نییە ئەگینا دەیزانی شیوعیەكان كەی لەگەڵ قاسم تێكچوون، ئەگەر بەپێی قسەی نووسەر بوایە دەبوایە شۆڕشی ئەیلوول لەساڵی 1959 هەڵگیرسایە نەك لەساڵی 1961، چونكە ئەوەی مێژووی سەرەتایی عێراقی خوێندبێتەوە ئەوە دەزانێ كە قاسم هەر لەسەرەتای ساڵی 1959 دژی شیوعیەكان دەستی بە جموجۆڵ كردووە و ئەندامەكانی حزبی لە حكومەت دەركردووە، ڕێكخراوەكەی لەسوپادا پاك كردەوە و دەستی بە هەڵوەشاندنەوە و قەدەغەی كردنی ڕێكخراوە جەماوەریەكانی حزبی شیوعی كردووە لەنێو قوتابیان و كرێكاران و ئافرەتان و هەموو بڵاوكراوە و رۆژنامەكەیانی داخستووە و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی حزبی شیوعی ڕووبەڕووی قاسم بێتەوە، حزبی شیوعی سۆڤیەتی بەتایبەتی خرۆشێڤ هەر خۆی سەرنج و ڕەخنەی لەسەر حزبی شیوعی هەبووە پێش شۆڕشی 1958، بەڵام قاسم هەروەكو چۆن بەرامبەر شیوعیەكان سفڵە دەرچوو كە چەندین جار قاسمیان لەمەترسی روخان و پیلان رزگاركردووە هەر ئاواش بەرامبەر بەكورد هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە ئەمەش بەكوشندەترین هەڵەی قاسم لەمێژووی سیاسی عێراقدا لە قەڵەم دەدرێ، ئەم قسەیەی نووسەر كە وەكو بەڵگەیەك هێناویەتیەوە پەیوەندی بە سیاسەتی سۆڤیەتی و نەخشەكانیەوە نییە، بارزانی نەمر لەچەندین وێستگەی مێژوویدا حزبی شیوعی گرتۆتە خۆی، ئەمە پەیوەندی بە دووربینی سیاسی بارزانی نەمر و مرۆڤ دۆستی ئەوەوە هەیە.

لەكۆتاییدا نووسەر رستەیەكی سەیری بەكارهێناوە كە دەڵێ ( (ئێستا سەردەمی ئازادی و لادانی دەمامكەكانە) ) من نووسەر بۆ راستگۆیی داوات دەكەم تۆش ئەگەر خۆت بە مرۆڤێكی ئازادی ئەم سەردەمە دەزانی گومانی تێدا نییە كەوتوویتە ژێر باری دەمامكێكەوە و تكایە بۆمانی لادە!.

سەرچاوە و پەراوێزەكان

**1- بڕوانە سایتی كوردستان پۆستی 2006/8/30، كەمال سەید قادر – نهێنیەكانی مەلا مستەفا بارزانی لە بەڵگەنامەكانی دەزگای جاسووسی (**KGB**) .**
**2-** .http//en. wekipedia. org/wiki/parelsudoplatov
**3- هەمان سەرچاوە.**
**4-** .lavrentyaberia ،http://en. wikipedia. org/wiki/beria
**5-** http://enwikipedia/wiki/mistefa-barzani
**6-** http://enwikipedia/wiki/specialtasks
**7-** parel sudoplatov-p284 ،The Memoris of stalin's spy-Master
sudoplatove html ،http:/users. cyberone. com. ou/myers
**8- هەمان سەرچاوە** http://wilsoncenter-org-memorandum conversation between
Emil Bodnaras and Harry G. Barnes – us Ambusador to Romanya. 5/24/974
**9- هەمان ڕەچاوەی یەكەم بەشەكانی یەكەم و دووەم و سێیەم.**
**12-** http://wilsoncenter. org-collection
1945 – 1946 Iranian crisis
**13-** by Vladislav M. Zubok ،1960 – 1962 ،http://wilsoncenter. org. spy: the KGBvs. The CIA
**14 – د. گۆنتەر دیشنەر: كورد: گەلی لەخشتە براوی غەدر لێكراو، گۆڕینی لەئەڵمانیەوە عەبدولسەلام بەرواری.**

**15-** http://ar. wikipedia. org. jamalnasser.
**16-** wilsoncenter. org Tzhivkov's Reportat the CCBCP Plenary Session on the Middle East Crisis – collection – Soviet Foreingn Polisy.
**17-** http://en. wikipendya. org. wiki. abdulkerimqassim
**18-** Eli Babaxan- les kurdes sous le regime de saddam Husein.
**19- هەمان سەرچاوە.**
**20-** http//www. meforum. org/article/220 the last Years of Mustafa Barzani
**21- هەمان سەرچاوە، بۆ زانیاری زیاتر تکایە بڕوانە ئەم سەرچاوانەی ویلسۆن سەنتەر.**
1- wilsoncenter. org – virtual archive. collection 1945 – 1946 – Decree of ussr state defense on 9168 ss Re garding.